گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# توندوتیژی دژبەژنانی (خاوەن مێرد) وپەیوەندی بە گونجانی دەرونی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان

د.جوان نوری رسول

بەشی پەروەردەودەرونزانی، فاکەلتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە ، کۆیە ، هەرێمی کوردستان، عیرا ق

jwan.nwri@koyauniversity.org

## پوختە

ئامانجی گشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتیە لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان ئاستی توندوتیژی وگونجانی دەرونیی و کۆمەڵایەتی لای ژنانی خاوەن مێرد لەشاری کۆیە بەدەرخستنی ئاستی توندوتیژی لای ژنانی خاوەن مێرد بریتی بوو لە (١٠٠) ژنی خاوەن مێرد دوای وەرگرتنی چەند زانیارییەك بەرێگای چاوپێکەوتن ودروستکردنی ڕاپرسی (استبیان)ی داخراوو بۆ ئاستی توندوتیژی دوای وەرگرتنی و دروستی وجێگیری، دووەمیان پێوەری گونجانی دەرونی وکۆمەڵایەتی کەپێکهاتبوو لە (٦٠) برگە پاش چێ بەجێکردنی نموونەی توێژینەوەکە ولەرێگای بەکارهێنانی ئامرازەکانی شیکردنەوەی ئاماری و تەکنیکی ئاماری هاوپەیوەند دەرکەوت پەیوەندیەکی بەڵگەداری بەدی ناکرێت (٠.٠٩٦) لەسەرئاستی (٠.٣٤) لەنێوان ئاستی توندوتیژی وگونجانی دەرونی وکۆمەڵایەتی. لەئەنجامی شیکردنەوەکانی ئاستی توندوتیژی (٧٧.٥٣)یە، لادانی پارسەنگ (٢٢)، دەردەکەوێت ناوەندی ژمێرەی ئاستی گونجانی دەرونی و کۆمەڵایەتی (٢٠٠.٢٥)، وەلادان لە پارسەنگ (٣٠.٧) وەبەبەکارهێنانی (T.Test) بۆمان دەرکەوت کاریگەری گۆڕاوی توندوتیژی بەڵگەداری ئامارییە وهەروەها کاریگەری گۆڕاوی گونجانی دەرونی وکۆمەڵایەتی بەڵگەداری ئامارییە، بەڵام پەیوەندی ئاستی توندوتیژی وگونجانی دەرونی وکۆمەڵایەتی بەڵگەداری نیە لەئاستی(٠.٠٥).

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠١٩/١٠/٢٠

پەسەندکردن:٢٠١٩/١٢/٢٢

بڵاو کردنەوە:بەهار ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**

*Violence against women (with husbands), psychological and social well-being in Kurdistan*

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.10.1.8

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

یەکێك لەو دیاردە ترسناکانەی کە هەڕەشەیەکی تەواو لە بونیادی کۆمەڵگا دەکات، توندوتیژیە، ئەگەر چی توندوتیژی ڕەهەندێکی مێینەی هەیە و بۆ ناوپێکهاتە کەلتوری و ڕوناکبیریەکانمان ڕۆچۆتە خوارێ، بەڵام بەردەوام بووە، جوانیەکانی لێشێواندووین، هەموو ئاستەکانی ژیانی هێمنی لێسەندوینەوە، حاڵەتێکی لەنا ئارامی و پشێوی دروست کردووە، کە هۆکارو دەرهاویشتەکانی بە ژیان رۆژانەمانەوە دیارە. توندوتیژی لەسەرتاسەری کۆمەڵگاکانی دونیادا بەگشتی یەکێکە لەرەفتارە باوەکان کە خیاوازی کولتورو سیستەمە جۆر بەجۆرەکانەوە بوونی هەیە (الخطیب،٢٠١٢، لا٤٥) جۆرو شێوازی جیاواز لە خۆدەگرێ دیارترین جۆری توندوتیژی یەو شێوەیە کە بەرامبر ژنان ئەنجام ئەدرێ، ئەگەرچی هۆکاری جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت و پیادەکردنی ئەو شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە (عبدالمحمود والبشری،٢٠٠٣،لا٣٢) کاریگەری ئەو پیادەکردنەش نەك تەنها ئاسەواری خراپی دەروونی و جەستەیی بۆ ژنان لێ دەکەوێتەوە، نەڵکو ڕەنگ دانەوەی لەسەر لەکردنی مرۆڤایەتی ودواخستنی رەوتی گەسەکردنی کۆمەڵگەش دەبێت (عبدوالله،٢٠٠٨،لا٧) وهەر لەبەر ئەم خاڵەیە کەمترین بەریەککەوتنمان لەگەڵ توندوتیژی دا هەیەو رێگری بۆ دروست دەکەین ڕۆژانە لای یێمە تیرۆرو ئەتکردن و سوتاندن و دیاردە گەورەکانی توندوتیژە ڕێگەمان پێەگرێت و کەمترین قسەو هەنگاوی پراکتیکی بۆ دەنێین، یان لەگەڵ بوونی ئەو هەموو دیاردە توندوتیژییە، لەگەڵ بوونی ئەو کلتورە دەوڵەمەندە لە دڵرەقی، هێشتا نەمانتوانیوە توندوتیژی بناسێنین یان یان تێورەکمان بۆ خودی توندوتیژی هەبێت (محمد، ٢٠٠٨،لا٥)، کۆمەڵگای ئێمەش یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی لەسەر ئاستێکی بەرز توندوتیژی تێدا دەبینرێت، تانانەت لەهەندێ جاردا بووە بە حاڵەتێکی ئاسایی و هەندێك جۆری توندوتیژی بە هیچ پێوەرێك وەرناگیرێن (محمد،٢٠٠٣،لا١١).

### گرفتی توێژینەوەکە

گرفتی ئەم توێژینەوە بریتی یە لە توندوتیژی کە ڕۆژانە بەرامبەر ژنان لەلایەن، مێردەکانیانەوە ئەنجام دەدرێ و دەرخستنی کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتی توندوتیژی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەرتاسەری کۆمەڵگاکانی دونیادا بەگشتی یەکێکە لە ڕەفتارە باوەکان کە بەجیاوازی کلتورو سیستەمە جۆربەجۆرەکانەوە بوونی هەیە (الحواتی، ٢٠٠١،لا٨٩)، جۆرو شیوازی جیاواز لە خۆدەگرێت، دیارترین جۆری توندوتیژی ئەو شێوەیەیە کە بەرەمبەر ژنان ئەنجام دەدرێت، ئەگەرچی هۆکاری جۆربەجۆر لە خۆدەگرێت و پیادەکردنی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی جیاوازە (المحیمید،٢٠١٠،لا٨٨). کاریگەری ئەو پیادەکردنەش نەك تەنها ئاسەواری خراپی دەروونی و جەستەیی بۆ ژنان لێدەکەوێتەوە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی لەسەر لە قکردنی مرۆڤایەتی و دواخستنی ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگەش (الحربی،٢٠٠٨،لا٦٥) دەبێت. بەشێوەیەکی گشتی سەرنجی زانایانی بواری دەروونزانیی وکۆمەڵناسی و یاسایی ڕاکێشاوەو زۆر توێژینەوەیان لەسەر کردووە (جامع، ٢٠١٠،لا٩٠) توێژینەوەکان ئەو ڕاستیە دەردەخەن کە توندوتیژی پیاوان دژبەژنان هەوڵێکە بۆ کۆنترۆڵ کردن و بەکارهێنان و نیشاندانی هێز و توانا لەلایەن پیاوانەوە (القیسی، ١٩٩٩،لا٦٧)، هەرچەندە کە سیستەمی کۆمەڵایەتیە پیاو سالارەکانی جیهان تێدەکۆشن توندوتیژی دژبەژنان بەبیانووی خۆشەویستی و عەشقی زۆری ژنان لەلایەن پیاوەوە و پێویستی پیاو بە خۆنواندن لە باری تواناو هێزوو بارودۆخی فیزیکی وهۆرمۆنە جنسیەکانی وەك شتێکی سروشتی نیشان بدەن (جمیل،٢٠٠٧،لا٨٧). لەدوای گەران وبەدواداچوون توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بۆی دەرکەوت کە بێجگە لە بوونی توندوتیژی تا ئێستا ژنان ناتوانن کێشەکانی خۆیان بخەنە ڕوو لەبەر ئەو هێزەی کە پیاوان نیشانی ئەدەن بۆیە چارەسەرکردنی توندوتیژی هەوڵێکی زۆری دەوێ (لامجدوب،٢٠٠٣،لا٢٨) کۆمەڵگای ئێمەش وەك کۆمەڵگاکانی تر دووچاری ئەم توندوتیژیە بۆتەوە بۆیە ئێستا سەیردەکەین لە میدیاکانی کوردی رۆژانە لەسەر لاپەرەی رۆژنامەکان کە چەندین توندوتیژی بەرامبەر بەژنان دەکرێ کە دەبێتە هۆی خۆکوشتن و خۆسوتاندن و چەند شێوازی تر.... جابۆیە توێژەر پاش بەردەست کەوتنی تەواوی ئاماری توندوتیژی دژ بەژنان لە کۆمەڵگاکەمان ئەمەش وایکرد کە توێژەر بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە بۆ ئەوەی بزانین چەند توندوتیژی و گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەلایەن ژنانی کۆمەڵگاکەمان هەیە، ئەمە جگەلەوەی کە کاتێک توێژینەوەك یان هەربابەتێک کە بتەوێ تیشکی بخەیتەسەر لە بواری توندوتیژی ژناندا یان چاوپێکەوتنێکدا توشی نارەحتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبێت چونکە زۆربەی زانیارییەکان بەشاراوەیی دەمێنێتەوە و ناوترێ بەوەی کە ترسێک هەیە لەسەریان بۆ باسکردن لە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژییەکەیان بەتایبەتی ئەو ژنانەی کە خاوەن مێردن لە ترسی مێردەکانیان ناوێرن.

## گرینگی توێژینەوە

دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان هیچ کات وەك ئیمڕۆ جێگای بایەخ نەبوە بە شێوەیەك دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان درکیان بەڕادەی بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە کردووە لە جیهاندا بەگشت ناوچە پێشکەوتوو دواکەتوەکونەوە وەك یەك (حمزة،١٩٩٤،لا٥١). ئەوەش بووە هۆی گۆڕانێکی نوێ بۆ کارکردن لەسەر مەسەلەی توندوتیژی دژ بەژنان (علام،٢٠٠١،لا٢١)، پاس ئەوەش بڕیارە نێودەوڵەتیەکانی بەدواداهات کە گرینگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە تا ئەمرۆش کێشەی توندوتیژی دژبەژنان لە وڵاتەکەماندا دەناڵێنێ بەدەست کەمیی ئەو زانیاریانەی پێویستن بۆ تێگەیشتن لە مەوداکانی ئەم کێشە گرنگە لە ڕووی هۆکارو ئەوەش بەهۆی دەرئەنجامەکانیەوە (بلقیس و مرعی،١٩٨٣،لا٢٣٩). چەند هۆکارێکەوە لەوانە، تا ئێستا ئەو باسانە دەچێتە چوارچێوە تیبەتمەندیتی خێزانەوە کە بۆکەسانی دیکە نییە بیزانن و بەشداری تیادا بکەن (بنات،٢٠٠٦،لا٥٤)، کارکردن بەوەی توندوتیژی یەکێکە لە ئامرازەکانی پەروەردە و تەمێکردن کە خاوەنداریێتی دەدرێتە پیاوانی خێزان، نەبوونی ئاماری ڕەسمی لەو بارەیەوە، تۆمارنەکردن یان بەدۆکیۆمێنت نەکردنی توندوتیژی خێزانی لە وڵاتەکەماندا "یوسف حمەصاڵح" جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە فەرهەنگی دەروونناسی کۆمەڵایەتی لێك نزیکێکی زۆر لە نێوان (دەستدرێژی کردن – یان شەڕانگێزی – وتوندوتیژی)دا هەیە (کریم،٢٠٠٨،لا٥٤) "فلیپ برونر" لە کتێبی کۆمەڵگاوتوندوتیژی دا دەنوسێت توندوتیژی بەکارهێنانی هێزە (العواودە،٢٠٠٢،لا٤٣). و ڕاستەوخۆ ئاراستەی کەسانی تر دکرێت بەمەبەستی خستنە ژێر باری خۆی و یان ژێر ویستی خۆی بەهۆی هەڕەشە کردنەوە بێت، یان ویرانکردن، یان مل کەچ پێ کردن ڕوخاندنی لە ڕووی دەروونی یەوە (الخولی،٢٠٠٦،لا٤٢). دکتۆر "بدوی" پێی وایە توندوتیژی بەکارهێنانی فشارە یان هێزە بەشێوەی ڕێگە پێندراو و نایاسایی بەمەبەستی کاریگەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خستنە مرۆڤ (بدوی،١٩٨٢م،لا١٣٣)، کە تیادا پەنا نابرێتە بەر هەڵسوکەوتی نەرم و سۆزوبەزەیی لە دڵدانی یە ئەو مرۆڤە (المرواتی، ٢٠١٠،لا٢٦). "ریمون ئارۆن" دەڵێت: توندوتیژی هەموو دەست تێوەردانێکە بەشێوەیەکی مەترسیدار، کاردەکاتە سەر سەربەستی و ئازادی یە کەسیەکان هەوڵ دەدات کەس بەرامبەر بێبەش بکات لەسەربەستی بیرکردنەوەو ڕادەربڕین (الرقب،٢٠١٠،لا٣١) وگۆڕینی بەکەسێك کەوەك ئامرازێك هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات بەبێ ئەوەی ڕەفتاری ئەوەی لەگەڵدا بکات کە مرۆڤێکی سەربەست و بەتوانایە (حسن،٢٠٠٥،لا١٧). "ئیسماعیل مەزهەر" لە کتێبی ژن لەسەردەمی دیموکراسیدا پێی وایە یەکێکە لە فاکتەرە مزنە هەرە کاریگەرەکانی دامەزراندنی مەدەنیەتی نوێ (الجاف،٢٠٠٥،لا١٣).

## پێناسەی زاراوەکان:

### یەکەم تەندوتیژیVIOLENCE

### پێناسەی یاسایی بۆ توندوتیژی:

توندوتیژی لە ڕووی یاساییەوە بریتییە لە بەکارهێنانی هێز لە دژی جەستە یان فشارخستنە سەر دەروون یان ڕەفتاری کەسێک، بەبێ ئەوەی مافی ئەو کارەتان هەبێت (الشربجی، ٢٠١٤، لا٣٧).

### پێناسەی ڕاگەیاندن بۆ توندوتیژی:

لەلایەن "لوینز فلیشس" دەڵێت: کردارێکە دەگاتە ڕادەی تێک دان و ڕوو هەڵمالین و بریندارکردن جاری وا هەیە دەگاتە ڕادەی مردنی کەسێکیش (ابوزید، ٢٠٠٨، لا٣٩).

### پێناسەی ئابووری بۆ توندوتیژی:

پێناسەکردنی چەمکی توندوتیژی لە ڕوانگەی ئابووریەوە لە هەموو پێناسە وتەپێشکەوتنەکانی تر جیاوازترە: مرۆڤەکان لە کاتێکدا ناتوانن پێداویستییەکانیان دەستەبەر بکەن (محمد، ٢٠٠٣، لا٦٠). لە ڕووی ئابووریەوە، واتە ناتوانن پێداویستییە مادییە بنچینەییەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن یان ناتوانن بۆیان دەستەبەربکرێت، ئەوە بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توندوتیژی دەناسرێت، وەک پێداویستییە خزمەتگوزارییەکانی مرۆڤ (عبدالغنی، ٢٠٠٤، لا١٢).

**پێناسەی زانستی بایۆلۆجی بۆ توندوتیژی:**

باوەڕگەڕێکی زانستی هەیە لە زانستی بایۆلۆجیدا کە توخمە بۆماوەییەکان و جینەکان دەتوانن هەڵمەتێک خەسڵەت و تایبەتمەندییە جەستەیی و کلتورییەکان بەرهەم بهێنن، وەک نموونە ڕەفتاری شەڕانگیزی (محمد، ٢٠٠٤، لا ٦٩). وەک خەسڵەتێکی بۆماوەیی دروستکراو، بەڵام هەندێک ڕەفتار جگە لەوەی بۆماوەیی خۆراسکێشە. وەک نموونە (دەستدرێژی، هەڵمەت، زەلکەی هارمۆنی لەشی)، هەموو ئەمانەش کاردەکەنە لایەنی زهنی و دەروونی مرۆڤ و ئاراستەی بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤ جیاواز و جۆراوجۆر دەکەن (المیلاد، ٢٠٠٥، لا ١-٢).

**پێناسەی دەروونناسی بۆ توندوتیژی:**

توندوتیژی لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە میل و ئارەزوویەکی سروشتییە لە مرۆڤدا، لە زانستی دەروونناسیدا توێژینەوە لەسەر تەڵاقدان یان شەڕانگێزی و هێرشبردنە سەر کەسێک دەکرێت (حسن، ٢٠٠٤، لا١٥)

**ڕەگ و ڕیشەی توندوتیژی:**

ئایا لە ڕاستیدا لە کۆتایی توندوتیژی سەرچاوەیەکی وەرگیراوە و کاریگەرییەکی سەندووە؟ و ئایا سەرچاوەی توندوتیژی لە بەها کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکاندا چییە؟ تەنها دەتوانین بە ڕەگ و ڕیشەی تەشەکردن و دەرکەوتنی توندوتیژی یان ڕەفتاری توندوتیژانە مەبەست تێرینەوەمان بە سەرەتایی سەرهەڵدان و زەرکردنی ئەمەرە (الامارة، ٢٠٠٤، لا ٦١). توندوتیژی لە سەردەمی مێژووی مرۆڤایەتیدا، واتە ئەو بیرۆکە و ڕەفتار و هەلسوکەوتانەی کە مرۆڤ هەڵیگرتووە بۆ تێکهاتەی توندوتیژی (عبدالرحمن، ١٩٩٨، لا١١٢). و هەروەها ئەو ژینگەی کە مرۆڤ تیایدا گەورە بووە و لە دایک بووە کە وایکردووە ئەو کەسە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توند و سەختگیر بێت (فەهمی، ٢٠١٢، لا ٧٦). بە شێوەیەکی سەرەکی دەکرێت بە ڕەگ و ڕیشەی توندوتیژی ئاماژە بە سێ فاکتەری سەرەکی بکرێت (میگارجی، ١٩٨٦، لا٢٠).

## دووەم: ژن woman

### 1. جمال (٢٠٠٥)

ژن لەکۆن ونوێدا، ژن هنگاوەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیە، ژن وکاریگەری لەسەر دامەزراندنی مەدەنیەت، غریزەی پیاوە بۆ هەنوکە و غریزەی ژن بۆ ئایندە (جمال،٢٠٠٥،لا١٣).

### 2. مارکیز (٢٠٠٥)

پێی وایە ژن هێزی ڕاستەقینەی سروشتە بەچاوێکی پڕلەمیهرەبای یەوە لە ژنی ڕوانیوە (سدیق، ٢٠٠٥،لا٩١).

## سێیەم: توندوتیژی دژی ژنان (violence against woman)

### 1 . ڕیکخراوی لێبوردنی نێودەولەتی (٢٠٠٢)

بریتیە لە کردەیەکی زەبرو توندو ڕەق کەڕووبەڕوی ڕەگەزی مێ دەکرێتەوە لەڕووی جەستەیی ودەست درێژی سێکسی ودەرونی یەوە، هەروەها هەڕەشکردن و ڕێگەگرتن لە ئازادییەکانی، ئەم توندوتیژیە لەشیوەی ژیانی تایبەتی و گشتی دا بەرجەستە دەبێ.

### 2 . نەتەوە یەکگرتوەکان (٢٠٠٢)

لەڕاگەیاندنی نەتەوە یەکگرتوەکان ئاماژە بەوە کراوە ئەنجامی توندوتیژی دژی ژن یەکێکە لە فاکتەرەکانی (ڕێکخستنی ئابوریە) واتە شێوازی ڕێکخستنی ئابوری ژن نەگونجان ورێك دادپەروەرانە نیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## چوارەم: هاوسەنگی (گونجان) (adjustment)

**1 . پێناسەی رضا (٢٠٠٨)**

گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ بارودۆخی هاوسەنگی دەرونی و دورکەوتنەوە لەباری ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ ودووبارە خۆڕاهێنانەوە وخۆگونجاندنەوەی لەگەڵ ئەو ژینەگەی کۆمەڵایەتیەی تێدا دەژی کە پێشتر ئەوها و هاوسەنگی لەدەست نەداوە (رضا،٢٠٠٨،لا١٤).

## پێنجەم: گونجانی دەروونی (Psychological adjustment)

نیشاندانی توانای مرۆڤە لەهاوسەنگی وخوددا وهەروەها گونجان ومامەڵە لەگەڵ کەسانی تردا بەئاراستەی یەك هەست بوتواناو چالاکی وەرەزامەندی وخۆشی دەکات (زهران،١٩٨٨،لا٦٤).

## شەشەم: گونجانی کۆمەڵایەتی (social adjustment)

**سفیان ابونجیلة (٢٠٠٥)**

یەکەی ڕەفتاری پێویستە، یاخود چاکسازی ئەو داب و نەریتەی کەهەیە بەشێوەیەك لەگەڵ کۆمەڵگەدا بڕوات (سفیان ابونجیلة، ٢٠٠٥،لا٨٨).

**ئامانجی توێژینەوە بریتیە لە:-**

1 . زانینی ئاستی توندوتیژی دژبەژنان لەلایەن هاوسەرەکانیانوە تایبەت بەکوردستان.
2 . زانینی ئاستی گونجان وبارودۆخی دەروونی وکۆمەڵایەتی لای ژنانی جاوەن مێرد لە کوردستان.
3 . دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان توندوتیژی و ئاستی گونجانی کۆمەڵایەتی.

**سنورت توێژینەوە:-**

سنوری توێژینەوەیە بریتیە لە ژنانی جاوەن مێرد لە چەند شاری تایبەت بەکوردستان عێراق بۆساڵی ٢٠١٨.

## چوارچێوەی بیردۆزی:

### کاریگەرییەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ژن

بیتەربلاووا (Peter Blau) دەڵێت کە توندوتیژی و هێز ئاماژەن بۆ یەک مانایەک: هێزکردنی زۆرەملێکردن بەسەر کەسێکدا بە شێوازی مادی و مەعناوی. ئەوە توندوتیژی دەکات بە زۆرسەرچاوەیەک کە هەرسەندانی ئامانجی زۆرەملێکردن و زۆرەملێکردنی بە کەسێکدا ئەوە توندوتیژییە .(Peter, 1967: p117) دیاردەی توندوتیژی دەبێت بە ژن نەرەواترین و ناشرینترین جۆری ستەمە کە لە کۆمەڵگادا دەکرێت بە ژن، بۆ ئەوەی بیپارێزن لە دەست مافەکانیان (الخولی، ٢٠٠٨، لا ٤١). بەڵام توندوتیژی دەبێت بە ژن کاریگەری ئاسەوارە خراپەکان دەبێت بە جێگەی دیلە لەسەر ژن و خێزان و کۆمەڵگە و لەسەر خۆی منداڵان (جلال، ماردین، ٢٠٠٥، لا ٣٢). بەتایبەتی هەنێک لێکۆڵینەوەکانی دەرەوە ئەنجام دراون دەرکەوتووە ئەو منداڵانەی کە ژینگەیەکی خێزانی توندوتیژیدا گەورە دەبن بەردەوام دووچار دەلەراوکین، تۆڕەبوون، ترس، هەزکردن بە تەنایی، مێزکردن بە خۆیان، ئازاری سەر و تەن، تووشبوون بە تەنگەنەفەسی و بێتاقەتی دەبنەوە، ئەمە جگە لە دوایکەوتنیان لە خوێندن، هەروەها تووشبوونیان بە چەندین تری دەروونی (هانت و هیلتن، ١٩٨٨، لا ٢٤٨)، داواکارییەکانی میردەکە وەک نەشۆشتنەوەی جل و بەرگ و ئامادەنەکردنی ژوور (فەوزی، ٢٠٠٧، لا ١٨). ئافرەتان کە تەنانا دەبنە بەر خۆکووشتن ئەو ئافرەتانەن کە توندوتیژی دەیان بەکارهاتووە. بۆ نموونە لە ساڵی (٢٠٠٤) ڕێژەی قوربانیانی خۆکووشتنی ئافرەتان لە شاری هەولێر تایشتە (٨٣٥) ئافرەت. دەتوانین کاریگەرییەکانی توندوتیژی بەرامبەر ژنان لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینەڕوو:

## یەکەم: کاریگەری دەروونی:

### 1. پەنابەردنە بەر خۆکووشتن:

پەنابەردنە بەر خۆکووشتن بە یەکێک لە دیاردە نابەجی و ناپەسەندە دادەنرێت کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەدەستیەوە دەناڵێنێت و ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر لە مرۆڤ دەبنە قوربانی ئەم دیاردەتە. لە شارەزایان و پسپۆران دەریان خستووە زۆرترین ڕێژەی ژنان کە

پەنادەبەنە بەر خۆکووشتن ئەو ئافرەتانەن توندوتیژیان بەرامبەر کراوە (Garin & Anne, 1999: p74).

## 2. تووشبوون بە حاڵەتی دەروونییەکان:

توندوتیژی دەیان بەکارهاتووە جا ئەگەر ئەو توندوتیژییە جەستەیی بێت یان دەروونی بێت. بەتایبەتی ئەو سەرژمێرییە کشتیانەی کە ئەنجام دراون دەرکەوتووە، تووشی ناخۆشییە دەروونییەکان دەبن. ئەمانەش ئەو ئافرەتانەن کە تووشی توندوتیژیان لە تەلە بەکارهاتووە (العیساوی، ١٩٨٤، لا٩٨). دەکرێت شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە ئافرەتێک بەکاربێت ئەوا ئەو ئافرەتە لە ئەنجامی ئەو توندوتیژییە کە دەی بەکارهاتووە تووشی ناخۆشییە دەروونییەکان دەبێت. زیاد بێت ئەوا ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە تووشی ناخۆشی دەروونی دەبن بەرز دەبێتەوە. ڕێژەی ئەو ئافرەتانە کەم دەبێتەوە کە تووشی ناخۆشییە دەروونییەکان بوون (خان، ٢٠٠٤، لا ٢-٦).

3. تێکشکانی مرۆڤایەتی ئافرەت.
4. هەست نەکردن بەئەمن و ئاسایشیکی تواو پێویست بۆ ژیان وداهێنان.
5. نەبونی توانای ژن بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانی چالاککردنیان بەشێوەیەکی دروست.
6. لەدەست دانی متمانەو باوەر نەمان بەخودی تاك (عنوز،٢٠٠٢،لا٢٦).

## 7. پەنابەردنە بەر کاری سێکسی :

شارەزایان و توێژەرانی بواری کۆمەڵایەتی و دەروونناسی دەریانخستووە کە زۆرترین و زیاترین ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە پەنادەبەنە بەر کارە سێکسییەکان لە کۆمەڵگادا ئەو ئافرەتانەن کە توندوتیژی دەیان بەکارهاتووە (فرج، ١٩٩٨، لا ٩٠). جا ئەگەر ئەو توندوتیژییە جەستەیی بێت یان دەروونی، دەکرێت شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە توندوتیژی دەی ئافرەتێک بەکاربێت ئەوا ئەو ئافرەتە لە داخی کۆمەڵگا پەنادەباتە بەر کارە سێکسییەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نموونەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە کاتێک بەکارهێنانی توندوتیژی دەی ئافرەتان لە کۆمەڵگادا زیاد بێت، ئەوا ڕێژەی ئەو ئافرەتانە زیاد دەبێت (یزبەک و عەلی، ٢٠٠٥، لا ٣)

### 8. دروستبوونی ڕاڕایی و نەتوانینی بڕیاردان :

دروستبوونی ڕاڕایی و نەتوانینی بڕیاردان یەکێک لەو دەرئەنجامە سەلبانەی بەکارهێنانی توندوتیژی دەی ئافرەتانە کە دەتوانین بڵێین ئەمرۆ دروستبوونی ڕاڕایی و نەتوانینی بڕیاردان بووەتە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی، دیاردەیەکی بەردەوام و زیانێکی زۆر (Patricia, n.d: 53-54)

## دووەم: کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان :

بەهێزترین جۆری کاریگەرییەکانی توندوتیژی لەسەر ژنان دادەنرێت وەک: تەلاق، هەڵوەشانەوەی خێزان، خراپی پەیوەندییەکان و تێکچوونی نێوان کەس و کاری ژن و پیاو، دابڕینی منداڵان لە خوێندن و پەروەردەکردنیان، بەهێزکردنیان لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە (الجبرین، ٢٠٠٥، لا٤٣).

## سێیەم: کاریگەرییە ئابوورییەکان:

زۆرێک لە توندوتیژییەکانی بواری زانستی کۆمەڵایەتییەکان، بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگا ڕووداهاتەکان یان ڕووداوئاوییەکاندا بە دەرئەنجامی بارودۆخی ئابوورییەکان دەزانن و بە بیررسیاری یەکەمی دادەنێن لەگەڵ هەموو بارودۆخەکانی دیکەدا، مەبەست بارودۆخی (دەروونی، کۆمەڵایەتی، سیاسییە)، ئەگەر چی جیاکردنەوەی ئەو بارودۆخانە لە یەکتری و کاریگەرییەکانی یەک ئاسان نییە (Leticia, 2004, p4).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تیۆرەکانی توندوتیژی کە ڕاڤەی توندوتیژی دەکەن:

### 1. تیۆری خولخواردوو (التمركز حول الذات):

ئەم تیۆرە پێداگری دەکات کە توندوتیژی کەتوپڕ و ڕوون نییە، واتە توندوتیژی لەناکاو و بەبێ زەمینەسازی ڕوون نییە، بەڵکو پێکەتەیەکی خولخواردووی فەرقووناخی لێدانەبراوی هەیە، وەک قۆناخی بەرزبوونەوەی نائارامی و شەڕانگێزی (Deaux & Wrightsman, 1983: p194).

### 2. تیۆری زانین :

خەڵک بەهۆی ڕوداوەکانەوە ستەمیان لێناکری بەڵکو ئەوەی وادەکات ستەمیان لێ بکری دید و تیروەنینی خەڵکە بۆ ڕوداوەکە و هەروەها ئەو ڕاستەیە لە بیرکردنەوە یبەرامبەر ڕوداوەکە دەگرێتەبەر. ئافرەت لەم ڕووەوە دەکرێت بڵێین ژن تا چەند هەست بە توندوتیژی دەکات و ئایا ئەندازەی ئەو توندوتیژییە چەندە لەلای ژن لە ڕووەکانی سێکسی و جەستەیی و دەروونی. (عنانی، ٢٠٠٠، لا١٦). ئەوەی پێویستە بزانرێت ئەوەیە کە ئەو ڕوداوە توندوتیژیانەی ڕووبەڕووی ئافرەت دەبێتەوە لە ڕەشووی ویجدانی و هەلسوکەوت و ڕەفتارەوە پەیوەندی هەیە بە ئەزموونی منداڵی (الخشاب، ١٩٩٣، لا ١٥٨). هەروەها میزگەی تێکهاتەی دەروونی ژن و میزگەی تێکهاتەی پەیوەندی ژن بە دایک و باوکی و هەروەها تا چەند ئەو ژنە هەستی بەئاسایش کردووە لە منداڵییەوە تاکو ئێستا، هەموو ئەمانە بە ئەندازەی خۆیان کاریگەرییان هەیە لە کۆبوونەوەی بارودۆخی توندوتیژی لای ژن (Maryse, 1998, p29).

### 3. تیۆری بیبەشکردنی ژینگە:

مەبەست ژینگەی کۆمەڵایەتییە، واتە ئەو ژینگەی کۆمەڵایەتییەی کە مرۆڤی توندوتیژی کارتییدا دەژی یان تیایدا دەژی، ناتوانێت لە ئاستی پێداویستی و زاوەروانییەکانی ئەو کەسەدا بێت یان ناتوانێت حەز و ئارەزوو و داوایەکانی بۆدیبین بکات (حجازی و دویک،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢٠٠٢، لا٥١). ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات هەست بەبێبەشی بکات و دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێگایەکی ئاراستەی کەسەکە بەرەو توندوتیژی ببات.(Berry, 1995, p88)

### 4. تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی (باندۆرا):

باندۆرا ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەفتاری توندوتیژی ڕەفتارێکی وەرگیراوە. مرۆڤ فێری دەبێت، و سیمۆن بڕوای وایە توندوتیژی دژی ژنان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناخی منداڵی ئەو کەسە، واتە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دایک و باوکی دا پەیوەندییەکی ناهاوسەنگە لەلایەن باوانییەوە بە توندوتیژی و ڕەقکردن و ترساندن مامەڵەی لەگەڵ کراوە (Berry, 1995, p66).

### 5. تیۆری نائومیدی کردن و دوژمنکاری:

بەبۆچوونی ئەم تیۆرە، نائومیدی یان ڕەشبینی پاڵنەری یەکەمە لە پشت ڕەفتاری دوژمنکارانە و شەڕانگێزانە، بەتایبەتی دوژمنکاری خێزان. بۆ نموونە لە کاتێکدا پیاو لە بواری کارەکەیدا ڕووبەڕووی کێبڕکێ و بەرپەرچدانەوە دەبێت و نائومید دەبێت لە ئیش، وەک لاوازییەک دەبینێت بەرامبەر خۆی (معوض، ٢٠٠٠، لا٣٧٢). لە کارەکەیدا هەموو ئەوانە زەمینەسازی بۆ دروست دەکەن و وادەکات لە کاتێکدا کەگەر ئەوە ماڵەوە ئەو نائومیدی و لاوازییە دەبنە پاڵنەر بۆ ئەوەی توندوتیژی ئەنجام بدات بەرامبەر ژن و منداڵەکانی. ئەو کاردانەوەیە بیتی دەبێت لە هەلسان بەکاری توندوتیژی.(David, L, 1968: p169)

### 6. بیردۆزی پێگە یان دەور:

ئەم بیردۆزە گرنگی دەدات بە سروشتی پێگەی مرۆڤ لەناو خێزاندا. پێگەی منداڵ بە شێوەیەکی گشتی و پێگەی هەرزەکار بەتایبەتی بۆ نموونە جیاوازی پێکردنی براگەورە و برا بچووک یان خوشکی گەورە و بچووک (الیوسف، ٢٠٠٥، لا٤٤).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 7. تیۆری ڕقەبەرایەتی یان ململانی:

ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ململانیی و ڕقەبەرایەتی دەکاتەوە بەهۆی توندوتیژی. ئامرازێکە بۆ دروستکردنی ڕقەبەرایەتی و ململانیی لە نێوان دوو ڕەگەزەکەدا (پیاو و ژن). توندوتیژی پیاو بۆئەوەیە زاڵ بیت بەسەر ئافرەتدا و بیسەلمێنێت کە جیاوازە لە ژن، و ئەمەش کینەوە و ململانیی دروست دەکات. هەریەکە بۆ سەلماندنی بونی خۆی و خۆبەگەورەزانین، توندوتیژی یەکسانی و هاوتایی لە نێوان ژن و پیاودا دەسڕیتەوە و لاسەنگی دەکات (ئەحمەد، ٢٠١٢، لا٥٥).

### 8. تیۆری ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی:

ئەم تیۆرە جەخت دەکاتەوە کە ڕەفتارگەلی دوژمنکاری و توندوتیژی لە هەموو کۆمەڵگاکاندا وەک یەک نییە. بۆ نموونە ڕوداوی زەوتکردن لە وڵاتی کەنەدا کەمترە وەک لە ئەمریکا (دیسیردی) پێی وایە هاوشانی جیاوازی ڕۆشنبیری بە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ئەو جیاوازیانە ڕادە و جۆری توندوتیژییەکان جیاواز دەبن. هەروەها پێی وایە چینی کۆمەڵایەتی ژن ئەگەر لە ئاستێکی بەرزدا بوو کەمتر ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە وەک لە ژنێک لە چینی کۆمەڵایەتی نزم بیت. (Browne, 1993, p33).

## تیۆرەکانی ڕاڤەی گونجان دەکەن:

**یەکەم: قوتابخانەی شیکاری دەروونی (سیگموند فرۆید):**

فرۆید ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤ لە قۆناغەکانی ژیاندا ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە بە چەند ڕێگایەکی جیاواز، بۆ ئەوەی بەرتری لە خۆی بکات پەنادەباتە بەر فێڵی بەرتری کردن وەک: تەساوەینانەوە، یان داروخان و کەوتن، یان تیبەردان یان خۆتەڵەکردن یان تەشیمان. بەڵام ئامانجی سەرەکی لەمەدا ئەوەیە کە بەرتری بکات لە ڕوونی خۆی و ئارامی خۆی (الهیتی، ١٩٨٥، لا١٢٣). ئێریکسۆن بیریاری داوە کەسیەتی هاوڕێیەکی توند و ڕاست بێت لە ڕووی دەروونییەوە، بەڵام بەم ناوانەی خوارەوە ناو دەبەن: متمانە و سەربەخۆیی،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاراستەبوون بەرەو ئامانج، کێبڕکێ، هەستکردن بە ناساندن، توانای هەبوونی خۆشەویستی، زاڵبوون بەسەر ناخۆشی و ئازارەکاندا .(Shaffer, 1989, p42-44)

## دووەم: قوتابخانەی ڕەفتاری:

ئەم قوتابخانەیە تێکدەدات لەسەر ئەساسی پێویستی، بەڵام پێویستی ناکاریگەر نییە، و دەڵێت تاکەکەس لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی بە شێوەیەکی جیاواز شێوازی ڕەفتاری نوێ بەدەست دەهێنێت (عبدالحمید، ١٩٩٧، لا١٧٠). ئەمەش لە ڕێگەی کارکردنی فێربوون و زانستەوە کە کاریگەرییەکی تەواوی هەیە لە توانا و تەواوی تاکدا (عنانی، ٢٠٠٠، لا١٦). و تیایدا دەڵێت کەسیەتی مرۆڤ بەرهەمیەکی هەیە بۆ فێربوون و زانینی ڕاستەوخۆ (حمصی، ١٩٨٦، لا١٥٩). و جیاوازی ناکرێت لە نێوان ڕەفتاری زاک و خراپدا لە ڕووی هۆکارەکانەوە، واتە هەردووکیان ملکەچ دەبن بۆ مەرج و یاساکان (عقیل، ٢٠٠٩، لا ٦٧). بەدڵنیاییەوە لایەنی ڕەفتاری تەنها نادات بە شتێک نارەفتاری بەرامبەر، واتە ڕەفتاری باش و ڕەفتاری خراپ دوو فەرکارن یاخود دوو مامۆستا، و منداڵ فێری ئازایەتی و هاریکاری دەبێت (عبدالهادی و العزة، ٢٠٠١، لا٧٤). هەروەک فێری ترس و خۆتەڵەکردن دەبێت، لەبەرئەوە لەسەرمان پێویستە دەستبخەینەوە ئەم بوارەوە بۆ بەهێزکردن و پاڵەوشتکردنی ڕەفتاری زاک (حلمی، ١٩٩٩، لا ٣٢). یان بۆ تەواوکردنی ڕەفتاری خراپ. و ئەم قوتابخانەیە وای دەبینێت کە ئەو ڕەفتارە پەرەسەندوو و بەهێزانەی کە مرۆڤ فێریان بووە بەتایبەتی پێویستی و کاریگەرییەکی دەروونی هەیە لە ژینگەدا، کەواتە مرۆڤ کە لە دایک دەبێت بێلایەنە، نەزاکە و نەخراپە، بەڵکو پێکەتەیەکی سایکۆلۆجی لەتەمەنی ئەوەی کە پەیوەندی دروست دەکات لە ژینگەدا فێری جۆری شتان دەبێت بەرەفتار و هەلسوکەوتەوە، جەخت ئەو فێربوونە ڕاست بێت یان هەڵە، باش بێت یان خراپ (تەلوعی ڕۆنیان، ٢٠٠٥، لا ٣٨). سەرەتا لە سەرەتاوە لە تیۆریەکەیدا بنچینەی غەریزەی تێکدەبینێت و هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی زاراوەی عەقڵی لە لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری مرۆڤایەتیدا، بەڵام قۆناغ بە قۆناغ دەست دەکات بەشێوەیەکی کرداری بۆ ئەم شێوازە. و لە قۆناغەکانی دواییدا هەموو ئەو شێوازانەی کە بەکاری دەهێنێت دەیان پێشکەش دەکات بۆ هاوکاری

فیزیۆلۆجی، بەم شێوەیەش شێوازی خۆی دەگۆڕێت لە هەوڵدان و ئەزموون و پەیوەندییەوە بەرەو بنچینەیەکی نوێ کە ئەویش پەیوەندییەکانی هەڵمەت و تۆڕەبوونە (فینسۆف، ١٩٨٢، لاپەڕە ١٩٥-١٩٦). کەواتە جووڵانەوەی سەرکەوتوو دەبێتە هۆی هەستکردن بە ڕازیبوون و ئاسوودەیی، بەڵام جووڵانەوەی شکستخواردوو دەبێتە هۆی هەستکردن بە ناخۆشی و ناڕەحەتی (ابراهیم، ٢٠١٠، لا ٤١).

## قوتابخانەی مرۆڤایەتی:

ئەم قوتابخانەیە لەساڵی ١٩٥٠ دەرکەوتووە، کە تێکۆشانی کردووە لە کار و چالاکییەکانی (کارل ڕۆجەرز و ئەبراهام ماسلۆ). ئەم قوتابخانەیە جیاوازە لە قوتابخانەکانی تر، بەتایبەتی لە تێڕوانین بۆ دروستکردنی مرۆڤایەتی (إسماعیل، ٢٠٠٤، لا٣٢). کەواتە دروستکردنی تەندروستی دەروونی ڕوودەدات و دەڵێت کە مرۆڤ سەربەخۆ و ئازاد دەبێت لە دوودڵی و ڕاڕایی. کاتێک تاکەکەس هەست بە هاندەرەکان دەکات و قبوڵی دەکات (الحسن، ٢٠٠٨، لا٧٧)، و کاتێک ئەزموون و تاقیکردنەوەکان توانا دەبنەوە لە ڕووی واقیعییەوە، تەشوکان و شلەدان ڕوودەدات (عباس، ٢٠١١، لا٣٤). لە ئەنجامی بەیەکەوە نەتەندروستی و ڕێک نەبوونی ئەم ئەزموونانە لەتەمەنی خۆی واقیعییەکەیدا. ڕۆجەرز زۆر جەخت دەدات بە ئەزموون، و بەتایبەتی وایە کە ڕێکی و تەندروستی دەروونی بەردەوام دەبێت ئەگەر تاکەکەس هەوڵ نادات بۆ ئاراستنی و ئارێزکاری لە هەندێک لە ئەزموونە کاریگەرەکان بەتایبەت کە دووربن لە بواری هەستی یان هۆشیاری. تاکەکان بەیەکەوە تەندروست و ڕێکن یاخود چالاکییەکی تەواوی بەیەکەوە دەکەن (الدفراوی، ٢٠٠٢، لا ٨٨).

## ئەنجامی توێژینەوەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی :(WHO, 2005, p32)

ئاماژە بە ئەنجامدانی لە چەند وڵاتێک وەک برازیل، ئیتیۆپیا، بەنگلادێش، پێرو، تایلەند، تانزانیا، سربیا، نامیبیا، یابان، دەرکەوت ژن ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی دەبنەوە لەلایەن هاوسەرەکانیان بە ڕێژەی (١٣-١٦%) لە زۆربەی ئەم وڵاتانە. هەروەها توندوتیژی دژی ژن ئامارەکان بە ڕێژەیەکی زۆر لە ئاسیا و ئەمریکای لاتین و ئەفریقا (Man, 1993,

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

p4). هەروەها جۆرە توندوتیژییەکان بەهەموو شێوەیانەوە بەرامبەر بە ژن ئەنجامدراون، هەروەک (Holden) ئاماژە بە تێکدانی بەشێوەی نافەرمی دەکات (Holden, 1984, p22).

**ڕێگا (میتۆدی) لێکۆڵینەوە:**

ڕێگای لێکۆڵینەوەی بەردەست وەسفی هاوپەیوەندییە لەو بەشەدا کۆمەڵگای توێژینەوە و نمونەکە و ئەو ئامرازانەی کە بەکارهاتوون لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان و هەوی ئامارییە بەکارهاتووەکان بۆ شیکردنەوەیان باس کراوە .

**کۆمەڵگای توێژینەوە:**

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە ژنانی شاری کۆیە بۆ ساڵی ٢٠١٨.

**نمونەی توێژینەوە:**

نمونەی جیابوونەوەی کۆتایی بریتی بوو لە (١٠٠) ژن کە بە شێوەیەکی سامپڵی هەرەمەکی دابەشدرا بەسەر ژناندا.

**ئامرازەکانی توێژینەوە:**

توێژەر بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە دوو پێوەری بەکارهێنا، یەکیان پێوەری توندوتیژی، و پێوەری تەندروستی دەروونی و کۆمەڵایەتیشی وەرگرت.

**1 . بۆ پێوانی توندوتیژی:**

توێژەر بۆ پێوانی ئاستی توندوتیژی، هەستا بە دروستکردنی تیۆرییەک لە ڕێگای زانیاری کۆکردنەوە لەتەمەنی (١٠) ژن. کە بریتی بوو لە (دوو پرسیاری کراوە) کە بە شێوەی سامپڵی (مەبەست) داربوو، واتە ئەو ژنانەی کە توندوتیژیان لەتەمەنی کرابوو لەلایەن مێردەکانیانەوە. ئەمەش زۆر بەنهێنی بوو، لە ڕێگای پەیوەندی کردن بە یەکێتی ژنانی کۆیە* توانرا زانیاری کۆبکرێتەوە لەتەمەنی ئەم ژنانە بکرێت بۆیە لە ڕێگای زانیاری کۆکردنەوە بوو، دەرکەوت زۆربەیان نەخوێندەواربوون. دواتر توێژەر هەستا بە دروستکردنی ڕاپرسی داخراو کە تێکەڵبوو لە (٤٥) پرسیار. دوای وەرگرتنی بیروباوەڕی شارەزایان، هەستا بە بەکارهێنانی پێوەری توندوتیژی. هەر پرسیارێک (٣) جێگرەوەی

هەبوو کە بریتین لە: (زۆرجار، هەندێجار، کەمجار). پێوەرەکە چەند لایەنێکی توندوتیژی دژی ژن لە خۆ گرتبوو کە بریتی بوو لە: (جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەندروستی، سێکسی).

**بۆ پێوانەی ئاستی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی:**

توێژەر بۆ پێوانی ئاستی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەستا بە بەکارهێنانی پێوەری ئاستی تەندروستی دەروونی و کۆمەڵایەتی، کە پێشتر لەلایەن (نازەنین عوسمان محەممەد ڕەزا) لە ساڵی ٢٠٠٨ بەکارهێنراوە لە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکدا بە ناوی (التوافق النفسي والاجتماعي لدي الناجين من قصف الكيمياوي لقضاو حلبجة). ئەم پێوەرە لە ٦٠ پرسیار پێک دێت و هەر بڕگەیەکیش چوار جێگرەوەی هەیە هەیە کە بریتین لە:

(هەمیشە بەسەرم دا جێ بەجێ دەبێ ، زۆرجار بەسەرم دا جێ بەجێ دەبێ و هەندێ جار بەسەرم دا جێ بەجێ دەبێت، بەدەگمەن بەسەرم دا جێ بەجێ دەبێ، هەرگیز بەسەرمدا جێ بەجێ نابێ).

## وەرگرتنی بۆچوونی شارەزایان:

### ڕاستگۆیی

توێژەر دوای دروستکردنی پێوەرەکەی پێشکەشی کۆمەڵێك پسپۆڕی بواری دەروونی کرد. بە پێی بۆچوون و تێبینی پسپۆڕەکان توێژەر (١) بڕگەی ڕاست کردەوە و (١) بڕگەشی دەرهێناو (٢) بڕگەشی تری لێ دەرهێنا واتە هەر بڕگەیەك بوو بە (٢) بڕگە، کە کۆیان (٤٣) بڕگە بوو، واتە ئەو بڕگەیەی کە دەرهێنراوە ڕێژەی تەواوی سەدی بەدەست نەهێنابوو کە (٧٥٪) بوو چونکە ئەم ڕێژەیە بە پارسەنگێك دانابوو بۆ مانەوە یان لابردنی هەربڕگەیەك وەڕاستکرنەوەی بڕگەکانی تریش پێشنیاری شارەزایان بوو ڕێژەی ڕەزامەندی لەسەر بڕگەکان دەردەخات. بەم جۆرە دەرئەنجامی پرسینی ڕاوبۆچوونی پسپۆڕان، بڕگەکانی پێوەرەکە بە (٤٥) بڕگە تەواو، بەڕێژەی (٩٢٪) بەدەستهێنابوو، کە ڕێژەی ڕەزامەندییان لە نێوان (%٧٥-%١٠٠) بوو .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**جیابوونەوەی بەرایی:**

بۆ دڵنیابوون لە ڕوونی و ئاشکرایی پرسیارەکان و دیاریکردنی کەموکوڕی و ئاڵۆزی لە پرسیارەکاندا، توێژەر تاقیکردنەوەیەکی بەرایی ئەنجامدا لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٨. توێژەر هەستا بە جیابوونەوەی تیۆرییەکانی توێژینەوەکە لەسەر ژمارەیەک لە ژنانی شاری کۆیە، کە ژمارەیان (١٢) ژن بوو. دەرکەوت کە پرسیارەکان بەلایەوە ئاشکرا بوون و ئەم جیابوونەوەی بەراییە بەشێوەیەک نەبوو لە نمونەی توێژینەوەکە .

**جێگیری:**

پێوەرەکانی توێژینەوەکە، پێوەری ئاستی توندوتیژی، توێژەر هەستا بە دروستکردنی. بەڵام پێوەری تەندروستی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئامادەکراو بوو (واتە وەرگیرابوو). بەڵام بۆ ڕاستکردنەوەی جێگیری پێوەری ئاستی توندوتیژی، توێژەر شێوازێکی تاقیکردنەوەی جێگیری ئەنجامدا، ئەویش ئەمەی خوارەوەیە:

تیۆرییەکە لەسەر هەمان ئەو (١٢) ژنەی تاقیکاری، دواتر زانیارییەکانی دابەزیندرا ناو کۆمپیوتەر لە ڕێگای بەرنامەی (SPSS) و لە ڕێگای (Person) و بۆ دۆزینەوەی جێگیری توانی جێگیری بۆ تیۆرییەکە بدۆزێتەوە کە ٠٫٩٧ بوو. شارەزایانی بواری پەروەردەیی بە شێوەیەکی نافەرمی ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە جێگیری بە لایەنی کەمەوە ٠٫٨٥ بێت. لە ژێر ڕووناکی ئەو بۆچوونە، جێگیری پێوەرەکە نمرەیەکی باشی بەدەست هێناوە، بۆیە دەتوانین بڵێین پێوەرەکە جێگیرییەکی باشی هەیە.

**پێوەرەکان بە شێوەی کۆتایی:**

دوای تەواوکردن و هەژمارکردنی ڕاستەوخۆیی و جێگیری هەردوو پێوەرەکە، پێوەری ئاستی توندوتیژی (٤٣) پرسیار بوو، بوو بە (٤٥) پرسیار. پێوەری ئاستی تەندروستی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەروەک خۆی ماوە، دەکرێت زیاتر ڕاستەوخۆیی و جێگیری بۆ دەرهاتبوو کە (٦٠) پرسیار بوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**جیابوونەوەی پێوەرەکە:**

لە (ئازار/٢٠١٨) جیابوونەوە شێوازی جیابوونەوەکەش دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی و بۆچوونی بۆ قوتابخانە و فەرمانگەکان و ماڵەکان دابەشکردنی فۆرمەکان بە شێوەی هەرەمەکی بەسەر ژنانی خاوەن مێرد دا.

**ئامرازەکانی شیکردنەوەی ئاماری:**

سەرەتا کاری ئامارییەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS) و ئەنجامدران، واتە هەڵبەتەی ئاماری و ئەمانەی خوارەوە بەکارهاتن:

1. ناوەندی ژمارەیی (لادانی تیۆری)
2. ناوەندی تریمانەیی
3. لادان لە ئاراستە
4. t.test
5. هاوپەیوەندی پیرسۆن
6. (correlation)

**خستنەڕوو شیکردنەوەی ئەنجامەکان**

لەم بەشەدا توێژەر هەڵدەسێ بە خستنەڕووی ئەو ئەنجامانەی کە دوای شیکردنەوەی داتاکان پێی گەیشت، بەپێی ئەنجامەکان کە دامان ناون بۆ ئەنجامدان توێژینەوەکەمان.

**ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی توندوتیژی لای ژنانی خواەن میرد لە شاری (کۆیە).**

بە تیرِوانین لە دەرئەنجامی شیکردنەوەکانی ئاستی توندوتیژی لای ژنانی خاوەن مێرد لە ڕێگای ئاماری (correlaition discpiptiv) بە بەکارهێنانی (t.test) بەبرنامەی (spss) دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەی (لادانی پێوەری ئاستی توندوتیژی (٧٧،٥٣)ە، لە پارسەنگ (٢٢،٠١) بەپی بیردۆزی.

دەرکەوت کە جیاوازی یەکە بەلگەداری ئاماریی لە ئاستی ٠،٠٠١ وەك لە خشتەی ژامرە (١) دا دیارە.

**خشتەی ژمارە (١)**

| ئاستی توندوتیژی | لادانی پێوەری | لادان لە پارسەنگ | ناوەندی گریمانەیی | T | هاوپەیوەندی پیرسۆن Sig(2.tailed) | D.F |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٧٧٫٥٣ | ٢٢٫٠١ | ٩٠ | -٥٫٦ | ٠٫٠٠٠١ | ٩٩ |

**ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی گونجانی دەرونی و کۆمەڵایەتی.**

بە تێڕوانین لە دەرئەنجامی شیکردنەوەکانی ئاستی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای ژنانی خاوەن میرد لە رێگای ئاماری وەسفی (correlaition discpiptiv) بە بەکارهێنانی (t.test) بەبرنامەی (spss) دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەی (لادانی پێوەری (٩٩)ە، ئاستی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی (٢٠٠)ە، و لادان لە پارسەنگ (٣٠٫٧)ە، ناوەندی گریمانەی (١٨٠) بەپێی بیردۆز.

دەرکەوت کە جیاوازی یەکە یان بەلگەداری ئاماریی لە ئاستی ٠٫٠٠٠١ وەك لە خشتەی ژمارە (٢) دا دیارە.

**خشتەی ژمارە (٢)**

| ئاستی گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی | لادانی پێوەری | لادان لە پارسەنگ | ناوەندی گریمانەیی | T | هاوپەیوەندی پیرسۆن Sig(2.tailed) | D.F |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٢٠٠ | ٣٠.٧ | ١٨٠ | ٦٫٥٩ | ٠٫٠٠٠١ | ٩٩ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئامانجی سێیەم: دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان توندوتیژی و گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی.**

بە تێڕوانین لە ئەنجامە شیکردنەوەکانی پەیوەندی نێوان توندوتیژی و گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی. لەو پەیوەندیەدا لە ڕێگای هاوپەیوەندی (pearson) پیەسۆن بە پرۆگرامی (spss). دەرکەوت جیاوازییەکەیان (٠،٣٤) بەلگەداری ئامری نیە لە ئاستیٔ (٠،٥) وەك لە خشتەی ژامرە (٣)دا دیارە.

خشتەی ژمارە (٣)

| | هاوپەیوەندی | توندوتیژی |
|---|---|---|
| گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی | هاوپەیوەندی پیرسون | ٠،٩٦ |
| | بەلگەداری ئاماری SIG | ٠،٣٤ |

## دەرئەنجام:

بەپێی ئامانجی بەراوردکردن لەگەڵ ناوەندی گریمانی توندوتیژی کەمە، هەروەها ئاستی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی زۆرە. هەروەها پەیوەندی نێوان گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و توندوتیژی بەبەلگەداری ئاماری نییە، واتە: پەیوەندییان نییە. ئەمەش وادەردەکەوێت چونکە لە کۆمەڵگایەکی نۆرمال ئەنجامدراوە وەک دروستکردنی ستەیتیان نییە لەگەڵ ئەو ژنانە بکرێت کە توندوتیژیان بەرامبەر کراوە . وەڵام نەدانەوەی زۆر لە ژنانە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست، چونکە زۆربەی ژنەکان دەترسان لە وەڵامەکانیان نەوەک ئێمە لەلایەن کەسێک بێت بگاتە نرێتەوە هاوسەرەکانیان. (زۆربەی ژنەکان دەترسان پەشیمان دەبوونەوە لە وەڵامەکانیان). نەبوونی شوێنێکی باوەڕپێکراو کە ژمارەی ئەو ژنانەی توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێن لێی بپرسنەوە. زۆر لەم ژنانە حەزیان نەدەکرد کەوا بەرامبەرەکەیان بزانێت توندوتیژی یان لەگەڵ دەکرێت لەلایەن مێردەکانیانەوە. هەرچەندە توێژەر بۆی ڕوونکردنەوەی داوە، بەڵام زۆر متمانەیان نەبوو.

پێشنیار و ڕاسپاردە و سەرچاوەکان و پاشکۆکان:

ڕاسپاردە:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تر لەسەر ئەم بابەتە بەڵام بە شێوەیەکی فراوانتر لە هەموو ئەو شوێنانەی کە توندوتیژیان تێدا ئەنجام ئەدرێت.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەی لەم جۆرە بەڵام لایەنی توندوتیژی جەستەیی و زارەکی تێدا بێت.

**پێشنیار:**

1. بەستنی کۆرسیمینار سەبارەت بە ڕۆشنبیرکردنی ژنان و کچان سەبارەت بەم توندوتیژیانەی بەرامبەریان ئەنجام ئەدرێت.
2. گرینگی دان زۆرتر بەم سەنتەرانەی کە کراونەتەوە بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان.
3. دامەزراندنی زۆربەی دەرچووانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی بە توێژەر لەم شوێنانە زۆرتر، ئەم کەسانە پسپۆربن لە بواری دەروونی، واتە وەک (توێژەری کۆمەڵایەتی).

## سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردیەکان


1. جەلال، ماردین. (٢٠٠٥). پرادیگمای ژن. چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک.
2. حسن، بارزان کەمال. (٢٠٠٤). ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی توندوتیژی سیاسی. هەولێر.
3. عەبدوڵڵا، پێنجوێنی، شنۆ. (٢٠٠٨). توندوتیژی دژی ژنان. کەنجان ژمارە (٣)، سلێمانی: چاپخانە و ئۆفیسی بینایی.
4. صدێق، ئارام. (٢٠٠٥). دۆزی ژن و هەزارەی نوێ. چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی گەنج.
5. فوزی، جوان. (٢٠٠٧). مرۆڤ. ژمارە (٢)، هەولێر.
6. کەریم، هەتاو. (٢٠٠٨). ظاهیره العنف الاسری. الطبعة الأولی، هەولێر: چاپ لە بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی کولتوور.
7. محەمەد، بۆکانی، ئاوات، سابیر. (٢٠٠٣). توندوتیژی خێزانی. چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی ئاسوودە.

8. محەمەد، ئاوات. (٢٠٠٨). توندوتیژی خێزانی. چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی (ئاسوودە) بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەر مێینە.

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

- أبو زيد، رشدي شحاتة ،( ٢٠٠٨) .العنف ضد المرأة وكيفية مواجهته ،.الإسكندرية:دار الوفاء، الطبعة الأولى.
- أبو نجيلة، سفيان أبو محمد. (2005). مستوى ومظاهر العنف الموجه ضد الزوجة وعلاقته ببعض المتغيرات الاجتماعية والسياسية، المؤتمر الثاني لبرنامج المشاركة المجتمعية لمناهضة العنف الأسري في المجتمع الفلسطيني.
- الابراهيم,اسماعيل( 2010م). الصحةالنفسيةلدى النساءالاردنيات المعنفات.مجلة الجامعة الاسلامية (سلسلة الدراسات الانسانية)182(2).
- احمد,ممدوح, صابر(2012م).اشكال العنف الاسرى الموجه ضد المراة وعلاقته ببعض مهارات فى لعلاقات الزوجية ,المجلة الدولية التربوية المتخصصة,المجلد1,العدد8,عمان.
- الجبرين , جبرين على(2005م) ،العنف الاسرى خلال مراحل الحياةالطبعة الأولى،الرياض :مؤسسة الملك خالد الخيرية.
- الخولى,سعيد أبراهيم.(٢٠٠٦م).العنف.للطبعه الاولى,داروماكتبه الاسراء للطبع و النشر و التوزي.
- الحواتى, محاسن (2001م).الندوة الوطنيةحول العنف ضد النساءوخصوصيته فى الثقافة اليمنية.مكتب البحرة الدولية, وزارةشؤون المغتربين, صنعاء اليمن.
- الخطيب, سلوى عبدالحميد (2012م).العنف ضدالمراة, اسبابه واثارهوالحلول له.الركن الاخضر
- الشربجى,على (1413ه) .حقوق الانسانفى الاسلام.القاهرة,دارالفكر.
- العواودة, امل سالم (2002م).العنف ضد الزوجةفى المجتمع الاردنى.دراسة اجتماعيةلعينة من الاسر فى عمان: مكتبة الفجرللنشروالتوزيع.
- العيسوى, عبدالرحمن (1984م).سيكولوجية الجنوح.دارالنهظة العربية.
- القيسى,سليم(1999م).العنف فىالاسرة(العنف ضدالمراة خاصة). مجلةراية مؤتة.المجلد4.العدد1.عمان.
- المحيميد,على محمدعبدالعزيز(2010م).العنف الاسرى ضدالمراة فى المجتمعالسعودى. رسالةدكتوراه غيرمنشورة.الرياض.جامعةنايف العربية للعلوم الامنية.
- المرواتى,نايف بن محمد(2010م).العنف الاسرى_دراسةمسحيةتحليليةفى منطقة المدينة المنورة المجلةالعربية للعلوم الامنية,الرياض.
- الأمارة، أسعد. (2004). هل هناك علاقة بين طبيعة البناء الاجتماعي وظاهرة العنف. http://www. AL. Bvan. Com .
- اليوسف,عبداللهعبدالعزيز,واخرون(2005م).العنف الاسرى_دراسة ميدانيةعلى مستوى المملكة العربية السعودية.وزارة الشؤون الاجتماعية.الرياض.
- الميلاد، زكي. (2005). كيف يظهر العنف في سلوك الجماعات، مجلة الكلمة، السعودية، شبكة أقلام الثقافية (Wehmaster).
- الهيتي، مصطفى عبد السلام. (1985). عالم الشخصية، بغداد، دار الحكمة.
- الحربي، سلمى محمد (2008م) . العنف الموجه ضد المرأة ومساندة المجتمع لهادراسة ميدانية على عينة من النساء في مدينة مكة المكرمة.
- الحسن,احسانمحمد,(2008م) . العنف والارهاب لطبعة الأولى، الاردن: دار وائل للنشر.

- الخولى, محمودسعيد,(2008م). العنف فمواقف الحياة اليومية, الطبعة الأولى، القاهرة, مكتبة الأنجلو المصرية.
- الخشاب، سامية. (1993). النظرية الأجتماعية ودراسة الأسرة، القاهرة، دار المعارف، ط3.
- الرقب، ابراهيم السليمان عمان،(2010م). العنف الأسري وتاثيرة على الأسرة,عمان, الاردن :دار يافا العلمية للنشر والتوزيع, الطبعـة الأولـى.
- الدفراوي، محمد حسيب وأخرون. (2002). العنف المنزلي ضد المرأة، المجلة العربية للطب النفسي، انترنيت موقع حياتنا النفسية.
- المجدوب، أحمد وآخرون ( 2003م). ظاهرة العنف داخل الأسـرة المصـرية - العنـف الأسرى منظور اجتماعي وقانوني القاهرة: المركز القومي للبحوث الاجتماعية والجنائية.
- إسماعيل، دينا, (٢٠٠٤). العنف والصحة الأنجابية، الحوار المتمدن,عدد960.
- بدوى,احمد زكى(1982م) . معجم المصـطلحات القانونيـة والاجتماعيـة :دار الكتـاب, اللبناني
- بلقيس، أحمد ومرعي، توفيق. (1983). الميسر في علم النفس التربوي، عمان، دار الفرقان.
- جمال, معتوق:بيوتهن و جوه من العنف ضد النساء خارج رسالة ماجستير، معهد علم الإجتماع،، سنة1996-1997 .
- جميل,صليب(2007م)المعجم الفلسفى.بيروت.دارالكتاب اللبنانى
- حسن، بركات حمزة. (2005). تقبل العنف الزوجي والعدوانية والأنوثة – الذكورة وعلاقتهم بالعنف الموجه ضد الزوجة في محافظة غزة، المؤتمر الثاني لبرنامج المشاركة المجتمعية لمناهضة العنف الأسري، دراسات طفولة أكتوبر، جامعة مينا، كلية الآداب.
- حلمى,جلال اسماعيل (1999م).العنف الاسرى .دارقباء للطباعةوالنشر والتوزيع.القاهرة.
- خان، ايرين. (2004). مصائرنا بأيدينا، فلتضع حداً للعنف ضد المرأة، منظمة العفو الدولية، ط14.
- حمزة، فرحان محمد. (1994). العدائية لدى طلبة الجامعة المقبولين والمفروضين اجتماعياً، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الآداب.
- جامع,محمدنبيل(2010م). علم الاجتماع الأسري، الاسكندرية: دار الجامعة للنشر
- حجازي، يحيى. ودويك، جواد. (2002). "العنف المدرسي"/ 2007-2002 http://www.alriyadh. np.com/contents.mainpage/thkafa.674
- حمصي، أنطون. (1986): مدارس علم النفس، دمشق، مطبعة الاتحاد.
- زهران، حامد عبد السلام. (1988). الصحة النفسية والعلاج النفسي، القاهرة، مكتبة عالم الفكر.
- رضا. نازەنين عثمان محمد.( ٢٠٠٨م). التوافق النفسى و الاجتماعى لدى الناجين من القصف الكيمياوى لقضاء حلبجة، حلبجة.
- فرج،صفوت والناصر,حصة(1999م) لعنف ضد المـرأة وعلاقتـه بـبعض سمات الشخصية,القاهرة,مجلة دراسات نفسية,المجلد التاسع,العددالثالث.
- فينيسوف. (1982). نظريات العنف في الصراع الأيدلوجي، ترجمة: سحر سعيد، دمشق، دار دمشق.
- فهمى,محمدسيد(2012م),العنف الاسرى, الطبعة الأولى، الاسكندرية: المكتب الجـامعي , الحديث للنشر.
- عبد الحميد، محمد. (1997). نظريات الإعلام واتجاهات التأثير، القاهرة، عالم الكتب.
- عبد الرحمن، سعد. (1998). القياس النفسي، ط1، الكويت، مكتبة الفلاح.
- عبد الغني، نعمان. (2004). العنف الأسري. http://www.AlHariq.com
- علام، صلاح الدين محمود. (2001). الاختبارات التشخيصية مرجعية المحك، دار الفكر العربي، القاهرة.
- عنوز، أمل فاضل عبد خشان. (2002). العنف ضد المرأة، دراسة القانون الجنائي والقانون الدولي الإنساني، أطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية القانون، جامعة بغداد.

- عقيل أيمن،(2009م) الإعلام والعنف ضد المرأة مابين المواجهة والتكريس، مركز ماعت للدراسات الحقوقية والدستورية، الجيزة، مصر، ب، س، ن. والتوزيع، القاهرة، مصر، ط1.
- عبد المحمود، عباس أبو شامة. (2003). جرائم العنف وأساليب مواجهتها في
- عبد الها الدولية.
- عبد الهادي، جودت. والعزة، سعيد حسني. (2001). تعديل السلوك الإنساني، الأردن، الدار العلمية الدولية.
- عناني، جنان عبد الحميد. (2000). الصحة النفسية، عمان، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع.
- عباس,منال محمد(2011م) . العنف الأسري رؤية سوسيولوجية ، الاسكندرية : دار, المعرفة الجامعية المصري(2008م) المرأة وحقوقها. مجلة الحوار المتمدن عدد ,٢٣١٩ الأسري، الاسكندرية: دار الجامعة.
- منظمة الصحة العالمية(2002م).التقرير العالمى حول العنف والصحة.المكتب الاقليمى للشرق الاوسط.
- ميغارجي، ونخبة من الاختصاصيين. (1986). سايكولوجيا العدوان، ترجمة عبد الكريم ناصيف، دار منارات للنشر.
- محمد، جاسم محمد, . ( 2004). علم النفس الأكلينكي، عمان، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ط1.
- مركز أخبار أمان، (2002). العنف والتمييز الجذري ضد المرأة العربية، المركز العربي حول العنف ضد المرأة http://www.rezgar/m.asp.?i 597.
- معوض، خليل ميخائيل. (2000). علم النفس الاجتماعي، ط2، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية.
- هانت، سونيا. وجنيفر هيلتن. (1988). نحو شخصية الفرد والخبرة الاجتماعية، ترجمة قيس النوري، بغداد، دار الشؤون الثقافية.
- يزبك، وسام ومها العلي. (2005). العنف ضد المرأة، جمعية تطوير دور المرأة، نساء سورية.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

1. Brown, F.G. (1983). Principles of Education and Psychological Testing, 4th ed, New York, Holt- Rinehart& Winston.
2. Berry, D. B.(1995). The Domestic violence: Source books everything you need to know 3rd. Lowell House, NTc, contem Porary Publishing Group, Inc, Los Angeles, U.S.A.
3. David, L, Sillis, (1968). International Encyclopedia of the Social Sciences Macmillan, N New York, U.S.A.
4. Deaux, Kay and wrights man, Lawrence. (1983). "Social Psychology in the A.S. 4th ed. M Monterey, California, Brooks, Cole.
5. Garin Benninger- Budel and Anne. (1999). Laurence Lacroix, violence against women, w world organization against Torture first printing June.

6. Holden J. P. (1984). General Psychology. New Your, P. van no strand company.
7. Leticia Josphine charez. (2004). "Analysis of border line personality organization among female and male domestic violence batters” Digital Dissertation.
8. Murphy, K.R. and David Shafer, C.O. (1998). Psychological Testing: Principles.
9. Patricia Smyke. Women and Health, Zed Book, Ltd, London and New Jersey.
10. New Man, C. (1993) Givinn up: shaller Experiences of Battered women. Public Health nursing.
11. Peter Blaw. (1967). Exchang and Power in Social life (N.Y John, Wiley).
12. Shaffer. D.F. (1989). "Developmental Psychology Brooks" Cole Publishing Company.
13. Wnetzel, K. R. & Asher, S. R.: Academic lives of neglected rejected populara 2nd controversial children, Child Development, (1995). V66, N3, PP: 754 – 763).
14. WHO (2005). Multi-country study on women's health and domestic against women, Summary report of initial results on prevalence.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# Violence against married women and its relationship with psychological and social adjustment in Kurdistan

**Dr. Jwan Nwri Rasul**
Department of Education and Psychology, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq
Email: jwan.nwri@koyauniversity.org

***Keywords***: *Violence against women (with husbands),psychological and social well-being in Kurdistan*

## Abstract

The general objective of this study is to study the relationship between the level of persecution and psychological and societal empowerment of married women in the Koya city to study the level of persecution of married women at (100) women after obtaining some information through direct encounter and using the closed questionnaire of the level of persecution consisting of 60 paragraphs After the implementation of the research model and using the methods of statistical analysis it was found that there are no significant differences (0.096) at (0.34) between the level of violence and psychological and societal empowerment and the result was that the level of analysis of violence (77.53) and deviation (22) was the result (200.25) (30.7) and using ((T.test) we found variable violence is a moral as well as the effect of psychological mastery is significant but there are no significant differences between the relationship between the psychological and societal mastery at the level of (0.05).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# العنف ضد المرأة المتزوجة وعلاقته بالتكيف النفسي والاجتماعي في كوردستان

**الملخص:**
الهدف العام من هذه الدراسة يتكون من دراسة العلاقة بين مستوى الاضطهاد والتمكن النفسي والمجتمعي عند النساء المتزوجات في مدينة كويسنجق بدراسة مستوى الإضطهاد عند النساء المتزوجات عند (100) امرأة بعد الحصول على بعض المعلومات عن طريق اللقاء المباشر واستخدام الاستبيان المغلق لمستوى الاضطهاد المتكون من 60 فقرة .بعد تنفيذ نموذج البحث وعن طريق استخدام طرق التحليل الإحصائي اتضح انه لاتوجد فروقات معنوية (0.096) على مستوى (0.34) مابين مستوى العنف والتمكن النفسي والمجتمعي وفي النتيجة اتضح ان مستوى تحليل العنف (77.53) وانحراف (22) كانت النتيجة (200.25) وبانحراف (30.7) وبإستخدام اختبار ( T.test)اتضح لنا تأير العنف المتغير هو معنوي وكذلك تأثير التمكن النفسي هو معنوي ولكن لاتوجد فروقات معنوي بين العلاقة بين التمكن النفسي والمجتمعي عند مستوى (0.05).